# وەڵامی نووسینەکەی عەبەی دارابی و سەی مەجی، هەرچەند ئەوان پێیان شەرمە بەکوردیی بنووسن، بەڵام من بە کوردیی وەڵامم داونەتەوە!

سەرەتا، سپاس بۆ هەر دوو کۆمۆنیستی!! ماندوویی نەناس!!، (عەبەی دارابی) و (سەی مەجی)، کە بوون بە هۆی ئەوە بیهێننەوە بیرم، ئەو شتەی بەڵێنم دابوو بە فاتحی شێخەلیسلام، بیهێنمە سەر کاغەز. با ئەوەش بۆ عەبەی دارابی و سەی مەجی و هاورێیانی روون ببێتەوە کە ئێمە هیچ باکێکمان لە جنێو و تەوهینەکانی دارودەستەی (کۆمۆنیستی کرێکارنەدیو) نییە، چونکە ئەو تەوهینانەی کە ئەم دارودەستەیە بە گۆرانیبێژ و شاعر و هونەرمەند و نووسەری کورد و تەنانەت بە نان و چێشت و جلوبەرگی کوردی و بە زمانی کوردی و بە نەتەوەی کوردی دەکەن، (مەدالیای رسوایی) یە و لە سینگی خۆیانی دەدەن.

بۆ من شتێکی سەیر و سەمەرە نییە کە فاتح بەم رۆژە گەییشتووە، ئاخر فاتیح ئەوا نزیکەی سی ساڵە خەریکی بازبازێنە: لە کۆمەڵەوە بۆ شیرن بەهارە، لە شیرن بەهارەوە بۆ دەفتەری مامۆستا، لەوێوە بۆ مارکسیزمی ئینقیلابی!!! و کۆمۆنیزمی کارگەری!!!، لە شاعیری شیعری نەتەوەییەوە بۆ نووسەری رەوزەنامەی کۆمۆنیستی لە بابەت مەرگی پیاوی هەزارناوی، بە ساواکی ناسراوی، دواتر ئاشکراکراوی، نادری مەنسووری حیکمەتی ژووبینی رازانی. ئەوەندەی فاتیح بازبازێنی کردوە، ئەگەر لە مەیدانێکی وەرزشیدا بیکردایە، ئێستا خاوەنی چەندین مەدالیای سێباز و بازدانی سەردۆشەک و ناو زەلکاو بوو. ئینسانێکیش کە خۆی نەناسێ و بێگانەناس بێ، دوارۆژی هەر وەکوو فاتح دەبێ! چونکە پێشینان دەڵێن:

**هەر نەمامێ گەر بە لاوی دابەزێ قەت بە پیریی بۆ سەرێ هەڵنابەزێ!**

فاتحی شێخەلیسلامی، بە گوتەی عەبەی دارابی و سەی مەجی: (شخصیتِ سرشناسِ!!!! جنبشِ کمونیستیِ!!!! ایران و چهرهٔ از دیرباز محبوبِ!!!!! توده هایِ مردم کردستان!!!)، لە نووسینێکیدا کە پڕە لە جنێو و قسەی ناشیرن و سەرسەریانە و وەکوو رەخنە، لەمەڕ بەرەی کوردستانیی نووسیویەتی، بە من و مەرزیەی هاوسەرم دەڵێ: (همزمان بیانیه ای از زبان دو نفر آوازخوان که بعنوان چهره های جلو صحنه زحمتکشان برای همه شناخته شده اند صادر کردند.)

هەر دوو جەنابی (عەبەی دارابی و سەی مەجی)ش، لە نووسینەکەیاندا ئەم وشانەیان بەکاریان بردووە:

دارودسته مهتدی– ایلخانی زاده، تهوع آور، سایت رسوایشان «بروسکه»، نهایت بیشرمی، روشهای لمپنی، باند فاشیستی زحمتکشان، جبونانه، کمپین هتاکی، باندشان، وزارت اطلاعات رژیم اسلامی، اشاعه فرهنگ لمپنی فاشیستی، حلقه به گوشی و لگدمال، یک سازمان قومی فاشیستی، عمری گول خورده اند، کمپین رزیلانه ساواک و ارتجاع، یک باند فاشیستی و قومی و زۆری تر!!

له هەموو ئەمانەش پێکەنینیتر، ئەم رستەیەی خوارەوەیە کە عەبەی دارابی و سەی مەجی نووسیویانە:

ما خود از فعالین کمونیستی هستیم که از دوره نوجوانی با فاتح شیخ الاسلامی آشنا بوده ایم و بیش از سه دهه دوش بدوش هم درگیر فعالیت کمونیستی!!!!! بوده و هستیم، نام فاتح در میان مردم کردستان و در بین جریانات چپ ایران!!!!! تداعی کننده کمونیسم!!!!! و چپ انقلابی است.

به وتەی عەبەی دارابی، (سێ دەهە) دەکاتە سی ساڵ، لە کاتێکدا تەمەنی راپەڕین لە ئێراندا نابێتە ٢٥ ساڵ، وادیارە هاوڕێ بەخشندەکانی فاتێح، ئەو ساڵانەش کە فاتێح پەناخوازی دەفتەری مامۆستا بووە، هەموویان بە فەعالییەتی کۆمۆنیستی بۆ نووسیوە و عەبەش، پێنج ساڵی دارسەیران و شیرین بەهارەی پێ زیاد کردووە!)

هاوڕێکانی فاتێح، لە بەر ئەوەی زۆریان پێشینەکەیان بۆ شانازی نابێ، هەر خۆیان مەدالیای ناو و ناوبانگ بە یەکتر دەبەخشن! شاهیدی ڕێوی کلکیەتی! مەگەر هەر خۆیان تاریفی یەکتر بکەن. یەکێکی دیکەیان کە تا ئێستا بە قەد دوو مەلا و سێ حاجی، ژنی هێناوە و لە کۆمەڵەشدا دوو ژنی هەبوو، لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا زیاتر باسی فاحیشەخانەکانی کرماشانی لە بیرە تا خەباتی کارگەکان، مەدالیای «تێکۆشەری ڕزگاریی ژنان»ی پێ بەخشراوە. ئێستا بە تەمان فاتیحمان لێ بکەنە مۆدێرنترین و سێکولارترین و موتەمەددینترین و کۆمۆنیست ترین پیاوی کوردستان و ئێران!!! ئەو کابرایەی کە چەند ساڵێک لەمەو پێش لە «زاواکێو» وەک ئەندامێکی «سیمیناری ئەئیممەی جومعە و جەماعاتی ئەهلی تەسەننون» باسی خەلافەتی حەزرەتی ئەبووبەکری دەکرد (دروودی خوای لێ بێ)، ئێستا لە تەکیەی مارکس لە لەندەن باسی «مارکسیزمی هاوچەرخ» و میعراجی حیکمەت دەکا!!

جەنابگەلی عەبەی دارابی و سەی مەجی، با دڵنیاتان بکەم، ئەوەی کە ئێوە دەیفەرموون، پێچەوانەکەیەتی، نەک ئەوە! چونکە دڵنیا بن، ناوی ئێوە و تێکۆشانی ئێوە، وەبیرخەرەوەی جگە لە خەیانەت، هیچێکی دیکە نییە و خۆشتان ئەوە باش دەزانن. بەم ئەدەبیاتەشەوە کە ئێوە هەتانە و ئەم وشە سەرسەرییانە کە ئێوە لە نووسینەکەتاندا و فاتحی شێخەلیسلامی لەژێر ناوی (جبهۀ کوردستانی!! کمپین شکست خوردۀ باند مهتدی!!) نووسیویەتی، ئەوەی یەک تۆزە شعووری سیاسیی هەبێ، دەزانێ کە ئێوە و فاتحیش، سەرسەرییانە قسە دەکەن و نووسینەکەتان، فڕی بە سەر مەقالەیێکی سیاسییەوە نییە، بۆیە خەڵک ناچارە ئاوەها وەڵامتان بداتەوە!

من فاتح باش دەناسم، کاتێ کە هەموومان پێشمەرگەی کۆمەڵە بووین، بە هەموو کەموکوورییێکیەوە، ڕێزم بۆ دادەنا، چونکە وەک شاعیری کۆمەڵێک شیعری نەتەوەیی خۆشم دەویست. هاوکاری هونەریی ئێمە، واتە: (بەرپرسی کۆڕی مۆسیقای بانگەواز) بوو! پاش فاتحیش،

موسلێحی برای بوو به بەرپرس. فاتح، گەرچی لە تێکۆشەرە کۆنەکانی کۆمەڵە بوو، بەڵام ئەوەندەی بازبازێن کرد کە لە کۆمەڵەدا هەر لە پەراوێزدا مایەوە و هەرگیز لە هیچ کۆنگرەیەکی کۆمەڵەدا لە تاقە یەک دەنگ زیاتر کە دەنگی خۆی بوو، دەنگی نەهێنایەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی توانای دانانی هۆنراوە و سروودی هەبوو، دوکتۆر جەعفەر هەزار جار یادی بەخێر بێ، هات بە ئێمەی گوت: باشترین کەسێک کە بتوانێ هاوکاریی کۆڕی مۆسیقای بانگەوازی کۆمەڵە بکا، یان بەڕیوەی بەرێ، (فاتح)ە، ئێمەش قەبووڵمان کرد و ئەوە بوو کە ئێمە کاری مۆسیقامان دەکرد و فاتح و موسلێحیش هۆنراوەیان بۆ دادەنایین، یەک لەوانە ئەو سروودە بوو کە فاتیح بۆ خودموختاریی دایابوو: بۆ ئازادی و خودموختاری، بۆ ڕزگاربوونی یەکجاری! ئیتر ئەم چێهرەی کۆمۆنیستە کە جەنابگەلتان باسی دەکەن، پێتان وایە ئێمە نایانناسین؟!
فاتحی شێخەلیسلامی قەت ئەو شەخسییەتە نەبووە و چێهرەی سەرشناسی کۆمۆنیستیش نەبووە، بێخۆ فووی تێ مەکەن با نەتۆقێ! ئەو کاتە فاتح خەتی سووری لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە بە سەردا کێشرا، کە چووە بەرەی دژ بە کوردەوە! فاتح چێهرەی کۆمۆنیست نەبوو، بەڵکوو ئەگەر لە ناو خەڵکدا حورمەتێکی هەبووبێ، هی ئەو کاتە بوو کە بە شیعرەکانی، هەستی نەتەوایەتی خەڵکی دەورووژاند! ئەگەر لەناو خەڵکدا ڕێزێکی هەبووبێ، هی ئەو کاتەدا بوو کە لە دەفتەری (بەڕێز مامۆستا شێخ عیززەددینی حوسێنی)دا بوو، یان دواتر کە پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو، چونکە فاتح دوای سالانی شیرن بەهارە، بەوە گیانی تێ هاتەوە کە مامۆستا گرتییە ژێر باڵی لوتفی خۆی و چاکەی لە گەڵ کرد و مەودای ئەوەی پێدا لە گەڵ کۆمەڵێک مەلای تێکۆشەر و نیشمانپەرەوەی دیکە لە مەیدانی خەباتی کوردستانیدا خۆی دەرخاتەوە و دواتریش کۆمەڵە وەری گرتەوە، دەنا فاتح خۆی بۆ خۆی ئەو کەسایەتییە نەبووە کە ئێوە باسی دەکەن.
بەداخەوە باش نییە ئینسان پاش مردووان، بەتایبەت لە کەسێک کە شەهید بووە و بەلەش لەناو ئێمەدا نەماوە، بەڵام هەمیشە زیندووە و جێگای ڕێزە، بەڵگە بێنێتەوە! ئاخۆ کێ هەبێ لە کوڕەخاسەکانی سنە و مەریوان، سەختی و سفارشەکانی شەهیدی نەمر، کاک فوئادی بەرانبەر بە فاتح لەبیر نەمابێ؟! ئێوە ئێستا دەتانەوێ چی بسەلمێنن؟! دەتانەوێ فاتح بکەن بە کەسایەتی و دیمەنی کۆمۆنیستیی و خۆشەویستی خەڵکی کورد؟! نەخێر جەنابگەل، ئەو سەردەمە نەما، خەڵک کوێرکوێرانە سیاسییەکانمان لە سەر شانان دانێن. خەڵک گۆڕدراون و چاک و خەراپ زۆر باش لێک دەکەنەوە. من دڵنیام ئەو قسانەی ئێوە، جگە لەوەی کە شووتی بداتە ژێر باڵی فاتح، هیچ شتێکی دیکە نییە. لەوش بگەڕێتەوە، ئەگەر تەمەن بوار بدا و گۆڕانێک بێتە پێش و بڕۆینەوە کوردستان، بیروباوەڕی فاتح، ئەو بیروباوەڕە نییە کە بتوانێ لە ناو دڵی خەڵکدا جێگە بکاتەوە. ئەوەش بزانن کە خەڵکی کورد و کۆمەڵگای کوردەواری باشترین مەحەکن بۆ ئەو بانگاشەیەی من و ئێوە. پەلە مەکەن با خەڵک ئەو بڕیارە بدا، نەک دووسەد سێسەد کەسی ئۆروپانشینی عاشقە پیتزای کۆمۆنیستی کرێکارنەدیو!! بەردی مەحەکی هەڵسەنگاندن و داوەریکردن لە سەر ئەم بانگاشەیەی ئێوە، خەڵکی کوردە و کۆمەڵگای کوردستان.

با ئەوەشتا پێ بڵێم کە من، نە لە فاتح دەترسم، نە لە حیزبەکەی تۆ، هەتا بە ناوی موستەعار یان نازناو، شت لە سەر فاتح بنووسم! ئێوە دەبێ بە دڵنیایی یەوە ئەوە بزانن کە: **گۆرانیبێژێک کە لە خزمەتی گەل و نەتەوەکەیدا بێ، لە فاتح و لە حیزبێک کە نە ئەو کۆمۆنیستە و نە حیزبەکەش کۆمۆنیستی کرێکاریی و زۆربەی خەلکی کورد نفرەتیان لێدەکا، گەلێک زۆرتر و زۆرتر دۆست و لایەنگری هەیە، جا کە وابوو، دەبێ بە تەمای ئەوە بین کە خەلک بە جێگای من، وەلامی فاتح بداتەوە.** من بە بێ ترس و بە بێ هیچ دڵەڕاوکەیەک ئەو نامەیەم بۆ فاتحی شێخەلیسلامی ناردووە و نەشمشاردۆتەوە و بە مافی خۆشمم زانیوە کە لە وەلامی وەکوو خۆتان دەڵێن: ئەو نووسینە لۆمپەنانەی فاتحدا، ئەو نامەیەی بۆ بنێرم! پێشموایە، هەر ئینسانێک، لە مانای ئینسانییەت تێ گەییشتبێ و ئابڕوومەند بێ، تەوهین بە پیشەی هیچ ئینسانێک و هیچ چین و توێژێکی ناو کۆمەڵگا ناکات! هەر ئینسانێک بە هەر تایبەتمەندییێکەوە کە هەیەتی، لەم دنیا پان و بەرینەدا مافی ژیانی هەیە و ئاوازەخوانییش، تاوان یان گوناه نییە و خۆتان و فاتحیش باش دەزانن کە ئێمە بە سالانە دژی داگیرکەرانی کوردستان و شۆڤینیستی فارس و بەکرێگیراوانی ناوەوە و دەرەوە خەبات دەکەین، ئیتر بۆچی پێتان ناخۆشە کە لە وەلامی فاتحی شێخەلیسلامدا گوتوومە:

**(بۆ نموونە دەکرێ و جێگای ئەدەبە کە من بە مەرحوومی بابت بڵێم: مەلا بوو و بە نانی سەرفیترە و مارەبەجاش نانی دەخوارد، دیارە نە! چونکە تەوس و توانج لەگەڵ قسەی ژیرانە و مەنتەقی، جیاوازیی زۆری هەیە! ئەگەر من ئاوازە خوان بم، کوڕەکەت لە کابارەکانی لۆسانجلێس، لە گەڵ عەنکەرولئەسواتەکانی پاشماوەی شاپەرستەکانی هاوسەنگەری ئێستاتان هونەرنمایی دەکا!)**

بەلام لە هەمووی ئەمانە گرنگتر، ئەم هەمووو هات و هووت و جنێوفرۆشییەی ئێوە، بۆ ئەوەیە کە: دارودەستەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارنەدیو، لە داخی خۆ ساقکردنەوە و زیندووبوونەوەی کۆمەڵە، ئاوەها شێت بوونە و شیر و تیر لە عەرز و عاسمان دەسوون، بەلام شتێکی ئاشکرایە هیچێکتان پێ ناکرێ، جگە لە جنێو و ناسزا و ناونیتکە و تۆمەت نەبێ، هەمووی ئەمانەش لە داخی ئەوەیە، ئەو هاوڕێیانەی کۆمەڵە دوای ئەوەی کە زانییان ١٨ ساڵ بێهوودە و لە خۆڕا کەوتنە دووی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەو حیزبەش زەرفێک نەبوو کە وەلامدەری خواست و ویستەکانی کوردستان و خەڵکی کورد بێ، کۆمەڵەیان لەو تنگەژەیە رزگار کرد و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، بە کوێریی چاوی ئەوان و سەرساقی دۆستان و خەڵکی کوردستان، هاتەوە مەیدانی خەبات و دیسان کەوتەوە سەر زاران و داخ و دووخانیشتان بۆ ئەوەیە کە کۆمەڵەیان لە دەست دا و نەخشەکەتان بەئاودا چوو، بۆیە بە چنگ و ددان کەوتوونەتە گیانی کۆمەڵە و دۆستان و لایەنگرانی و جنێو و ناسزایان پێ دەدەن!

لە کۆتاییدا عەبە، هەم تۆ، هەم سەی مەجی، بێخۆ شووتی مەدەنە ژێر باڵی فاتح، ئێوە ئەگەر ئەو پیاوەتان خۆش دەوێ، ئامۆژگاریی بکەن با خەریکی شیعرگوتنەکەی بێ باشترە، چونکە بازبازێنی سیاسی، فاتحی لە شیعر بردەوە و زەرەری زۆری لێدا. تۆش تا ئەو جێگایەی من دەتناسم، هەڵپەڕکێ مەریوانیانەت باشترە لەم قسە زلانەی کە دەیکەی. ئێمەش گۆرانیبێژین و وەک فاتحی شێخەلیسلامی دەڵێ: با ئاوازەخان بین، گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە، ئەو گۆرانیگەلەی کە ئێمە

گوتوومانن، ژمارەیان لە ئەندامانی حیزبەکەی ئێوە زۆرترە و هەر گۆرانییەکیشی وا لە ناو دڵی ملیۆنان خەڵکی کوردستاندا، بەڵام فاتح دووربێ رابردووی، ئێستا ناتوانێ بڕواتە سلێمانی کە شارێکی ئازادە و موڵکی هەموو کوردێکە سمیناڕێ بدا، چبگات بە سنە و مەیوان! ئەوانەی فاتیح ئەبینن کە بە پیری سەری، بۆ ئەوەی پاکانە بۆ ڕابوردووی خۆی بکا و لە بەرچاوی هاوڕێ شۆڤێنیستەکانی، پەڵەی ڕابوردووی کوردانە و بەرهەمە نەتەوەییەکانی بشواتەوە، بە ڕیشی سپییەوە، لە گەڵ منداڵ و کاڵ خەریکی فێربوونی رەقسی باباکەرەمە و، لە جەژنەکانی حیزبدا سەمای باباکەرەم دەکا، بەزەییان پێیدا دێت. تو خوا خۆتان بەزەییتان بەخۆتاندا نایە. وەڵلا وەک فەقێکانی مزگەوتی حاجی کاکەحمەدی شێخ، نانی جومعە و راتبەی فەقێیانی کۆ بکردایەتەوە، لەم حاڵەی ئێستای باشتر بوو.
ئێوە ئەگەر دەتانەوێ ئەم شەخسییەتە خۆشەویستەی ناو خەڵکی کورد و ئەم دیمەنە کۆمۆنیستییەی کوردستان و ئێرانتان!!! بۆ دەرکەوێ، پەلە مەکەن با ڕێسەکەتان لێ نەبێتەوە بە خوری، من جارێکی دیکە، دڵنیاتان دکەمەوە کە ئەگەر بوار هەبێ و بڕۆینەوە کوردستان، خەڵکی کورد فاتح و ئێوە، هەتا ئەو جێگەیەی کە دست بدا، راو دەنێن و ناهێڵن لە کوردستان راوەستن. خەڵکی کورد ئێستا دۆست و دوژمنی خۆی باش دەناسێ و ئێوەش لەخۆڕا، خۆتان ماندوو مەکەن، چونکە خەڵکی کورد ئێستا هەم لە سوور، هەم لە کۆمۆنیست، هەم لە ئێوەی شۆڤینیست، بێزارن و جۆرێکی دیکە بیر دەکەنەوە و خەباتی نەتەوایەتی ئێستا بۆتە پرسگرێکی خەڵکی کورد و سووسیال دێمۆکرات ئاواتی خەڵکە، نەک کۆمۆنیست یان ئیسلامی سیاسی، یان ئێوە. بەڵام من فاتیح بناسم، ئەوەندەی ئەو ئەهلی بازبازێنە، هەر کە بگاتەوە کوردستان، ئەم بەرگی کۆمۆنیست بوونەش فڕێ دەدات و دەست دەکاتەوە بە دۆعانووسین بۆ چاوەزار و بەستنی دەمی گورگ و، نوشتەی گوللەبەند و شامەقسوود و عەبوودووجانە، لەوانەشە وەک من ئارەزوومە، ببێتەوە کوردێکی نیشتمانپەروەر و خزمەتکاری نەتەوە و وڵاتی خۆی.

ناسری رەزازی ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٣/٩/٣٠